# نووح لە دامرکاندنەوەی لافاو شارەزایە

**زانا خەلیل**

**پێنجشەممەیەک خۆی ڕادەخات**

پێنجشـەممـەیەک دەبێتە لاپەڕە
تا بە قـەڵـەمی درەخـت لـەسـەری بنووسـین:
ڕوان.
ئێمـە لـەسـەری دەنووسـین: خـەون.

پێنجشـەممـەیەک دەبێتە خۆر
بۆ ئەوەی ئێمـە بە ڕۆشـنایی
خۆمـان بشـۆرین..
چاوە زەردەکان بە پێکەنینـەوە دەڵێن: ترس.

پێنجشـەممـەیەک
زەمـین و خوا گۆرانییـان گوت
ئێمـە حـەزمـان کرد
گوێ لـە خـەیاڵ بگرین
لـەبەر ورێنە هیچ لە خـەیاڵ تێنـەگەیشـتین.

پێنجشـەممـەیەک، لای مـاڵـتان پڕە لـە تاکسـی
شـوفێرەکان شـارەزان لـە ئەدرێسـە نهێنییـەکان
لـەولا مـاڵێـک هـەبوو وەکو دوورگە
ئێمـەش لێومـان هـەیە بۆ مـاچ
زمـان بۆ خوێندنەوەی جـەسـتە
پێنجشـەممـەیەک خۆی ڕادەخات
ئێمـە بە پێکـەنینـەوە هـاوار دەکەین
با خـەون بچێ لـەسـەری بخـەوێ.

**نووح لە دامرکاندنەوەی لافاو شارەزایە**

کە باران لـە جامی ئۆتۆمبێلـەکەی دا
نووح ئاخیر پێکی هـەڵدا
چاوسـوور.. هیلاک
بە نزمی گۆرانی دەگوت
باشـبوو لافاو زوو هـات
بەڵام نووح لـە دامـرکاندنەوەی لافاو شـارەزایە
بە مـاچێـک



نه هیلاكی و نه لافاو
هیچ شتێک نەما
بۆ بەیانی كه باران له جامی ئۆتۆمبێلەكەی دا
نووح ئاخیر پێكی هەڵدا
چاوسوور.. هیلاک
به نزمی گۆرانی دەگوت
باشبوو لافاو زوو هات
بەڵام نووح له كپكردنەوەی لافاو شارەزایە
به ماچێک
نه هیلاكی و نه لافاو
هیچ شتێک نەما
بۆ بەیانی كه باران له جامی....

نا نا ئەوە لافاو نییە،
گەمەیەكه عاشقان حەزی لێ دەكەن.

**ناوی خۆت بنێ خۆشەویستی**

من عاشقی شیعرم
شیعر خۆشەویستی خۆشدەوێ
خۆشەویستی منی خۆشدەوێ
من خۆشەویستەكەی خۆمم خۆشدەوێ
ئەو تەنیا هەندێ جار منی خۆشدەوێ
دەی توخوا ناوی خۆت بنێ خۆشەویستی
بۆ ئەوەی تا هەتایێ منت خۆشبوێ
چونكه خۆشەویستی
بۆ هەمیشەیی منی خۆشدەوێ.

**شێت بوون له نێوانی عیشق و ڕقدا**

پێرێ شێت ببووی له عیشقی مندا
دوێنێ شێت ببووی له ڕقی مندا

ئەمڕۆ
گومانم نییە
كه هەمدیس بەشێتی دەتبینمەوە

بەڵام نازانم
له عیشقی من
یان له ڕقی من؟